گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# فەلسەفەی ئایین لە رۆمانی ( شنگال، هایێ ل من )ی کەریم کاکە

**م.ی . شوان غازی پیرداود**

بەشی کوردی ,فەکەڵتی پەروەردە ,زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستانی عێراق

shwansherwani8@gmail.com

**پ. د. دەریا جەمال حەوێز**

بەشی کوردی ,فەکەڵتی پەروەردە ,زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستانی عێراق

darya.jamal@koyauniversity.org

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٤/٤/١٤

پەسەندکردن:٢٠٢٤/٥/٢٨

بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٥

## ووشە سەرەکییەکان

*philosophy*
*Philosophy of Religion*
*Time, place*
*character*
*Types of religion*
*Yazidi religion*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.19

## پوختە

ئایین و فەلسەفە دوو بابەتی لە مێژینەی ژیانن، هەمیشە جەدەلێکی بەهێز لە نێوانیاندا هەبووە، بۆ گەیشتن بە حەقیقەتێک، کە سەرچاوەی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی بوونەوەرن (مرۆڤ)ن، بەشێک لەو ڕووداوانە مرۆڤ لە یادگە و بیری خۆیدا دەیکات بە چیرۆکێکی درێژ و دواجار دەریدەبڕێت و دەینووسێت، هەندێک کات ئەو نووسینە لە شێوەی ژانرێکی ئەدەبی (رۆمان) خۆی دەنوێنێت، دەتوانێت پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ( ئایین و فەلسەفە و ئەدەب ) دروستبکات.

ڕەنگدانەوەی بنەمای فلسەفی ئایینی لە ڕۆمانی کوردی لەم توێژینەوەدا دەرگا بە کۆمەڵێک  پرسیاری نەگوتراو دەکاتەوە، بۆ نموونە چۆنییەتی باوەڕهێنان بە قەزاو قەدەر لە رۆماندا؟ ڕووداوەکانی ڕۆماننووس دروستیکردوون، کەچی قەزاو قەدەر ڕووداوێکە تەنیا خوا دەزانێت کەی ڕوودەدات.

بنەمای ئایینی ئیسلام باوەڕبوونە بە ( خوداو فریشتەو پەرتووکی ئاسمانی و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و قەزاو قەدەر)، کەچی ئەم باوەڕە لە ئایینی یەزیدی بەو شێوەیە نییە، لەم توێژینەوەیەدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەوڵدراوە، بە نموونە ڕەنگدانەوەی پەیوەندی ئایینی یەزیدی بەتووخمی (كات،شوێن،كارەكتەر)ی بخەینە ڕوو، بە پێی بیرو باوەڕی ( كتێبی ڕەش و مەلیك تاوس و پەرستگای لالش )، ناونیشانی توێژنەوەكەمان بریتییە لە ( فەلسەفەی ئایین لە ڕۆمانی ( شنگال، هایێ ل من )ی كەریم كاكە) توێژینەوەكەمان زیاتر پەیوەستە بە ( چەمك و پێناسە و جیاوازی نێوان (فەلسەفە و ئایین ) لە ڕووی كرداری و مێژوویی و سرووت و بانگەشەوە )، دواتر بە شێوەی پراكتیكی پەیوەندی فەلسەفەی ئایین بە تووخمی ( كات و شوێن و كارەكتەر) لەم ڕۆمانە خراوەتە ڕوو. ڕۆماننووس بە شێوەی ڕووداوێكی تێهەڵكێشی و زنجیرەیی تێكشكاو باس لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی ئایینی یەزیدی و پەیڕەوكەرانی دەكات، ئەو هۆكارانە دەخاتە بەر باس كە پەیوەندییان بە لاوازبوونی ئەو ئایینە هەیە.

## پێشەكی:

فەلسەفە وەكو چەمك و پێناسە، تا ئێستا نەتوانراوە پێناسەیەكی گشتگیر و تەواو و تۆكمە بۆ بكرێت، چونكە بەردەوام لە گۆڕان و زیندووبوونەوەدایە، بەهیچ جۆرێك ناتوانرێت فەلسەفە بە یەك چەمك و پێناسە ببەسترێتەوە، كەواتە فەلسەفە گەیشتنە بە ڕاستییەك، مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵدایە پێی بگات، ئایین ڕێگەیەكە بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی پەرستراوێك، كە لە مرۆڤ باڵاترە، پەیوەندی نێوان فەلسەفە و ئایین پەیوەندییەكی قووڵ و تێكچرژاوە، بەڵام فەلسەفە لە خزمەتی ئایینە و جەدەلێكی تەواونەكراون هەمیشە یەكتر دەخەنە بەر پرسیاری بێ وەڵام، بەشێك لەو پرسیارانە كۆمەڵێك ڕووداون لە بیرو هزری مرۆڤدا بە شێوەی چیرۆك لە ژانەری ئەدەبی ڕۆماندا خۆی دەبینێتەوە كەواتە پەیوەندی فەلسەفە و ئایین و ئەدەب بە تایبەت لە ژانری ڕۆمانی كوردیدا تەمەنی كەمترە لە سەدەیەك .

ڕەنگدانەوەی پەیوەندی فەلسەفەی ئایینی بە تووخمی ڕۆمان پەیوەندییەكی هزری و ئایینییە كە ڕۆماننووس و وەرگر هەمیشە دەیانەوێت بە حەقیقەتی پەرستراوەكەیان بگەن، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە ئەو نموونانە بخەینەڕوو، كە ڕەنگدانەوەی ئایینی داخراوی یەزیدی

و بنەماکانی تێدا بەرجەستە بووە، بە پێی بیرو باوەڕی ئایینی یەزیدی لە ( کتێبی پیرۆز و پەرستگای لالش و مەلیك تاوس) وەرگیراوە، ناونیشانی توێژنەوەکەمان بریتییە لە( فەلسەفەی ئایین لە رۆمانی ( شنگال، هایێ ل من )ی کەریم کاکە دا) ، توێژینەوەکەمان دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە لە بەشی یەکەم دا زیاتر لایەنی تیۆرییە، خۆی لە باسکردنی ( چەمک و پێناسەی فەلسەفە و ئایین، پەیوەندی و جیاوازی نێوان فەلسەفە و ئایین، جۆرەکانی ئایین) دەگرێتەوە، لە بەشی دووەمدا زیاتر توێژنەوەکەمان پراکتیکیە پەیوەندی نێوان فەلسەفەی ئایین بە تووخمەکانی رۆمان لە ڕووی پراکتیکی لەم ڕۆمانە گرنگی پێدراوە، بە سەر دوو تەوەر دابەشبوون، کە لە تەوەرەی یەکەمدا مێژووی فەلسەفەی ئایین لە ڕۆمانی کوردیدا روونکراوەتەوە و لەتەوەرەی دووەمدا پەیوەندی فەلسەفەی ئایین بە تووخمی ( کات، شوێن، کارەکتەر) لەم رۆمانە خراونەتە ، دواتر لە توێژینەوەکە گرنگترین ئەنجامەکانمان خستووەتە ڕوو، دواتر سەرچاوەکانمان بە زمانی کوردی زمانە بێگانەکان خستووەتە ڕوو.

**گرینگی توێژینەوەکە:** گرینگی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە دروستکردنی پەیوەندی فەلسەفە و ئایین و ئەدەب، دواجار دەبێتە پەیوەندی فەلسەفەی ئایین بە تووخمی ( کارەکتەر، کات، شوێن) لە رۆمانی کوردیدا، تا ئێستا کەمترین توێژینەوەی لەسەر کراوە، بەتایبەتی کە رۆمانێك تایبەتکرابێت بە بیرو باوەڕی یەزیدی و شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە، کە لێکۆڵینەوەی لەسەرکرابێت.

**سنووری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە سنورەکەی لە ( فەلسەفەی ئایین لە رۆمانی ( شنگال، هایێ ل من )ی کەریم کاکە دا)، کە تایبەتە بە ئایینی یەزیدی پراکتیزەکراوە لەم رۆمانە.

**ڕیبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی رێبازێکی شیکاری - وەسفی بەستووە، هەوڵمان داوە بە پێی ئەم میتۆدە لە رووی تیۆریەوە پێناسە و جیاوازی نێوان (فەلسەفە و ئایین و جۆرەکانی ئایین کراوە، لە رووی پراکتیکیەوە نموونە بۆ پەیوەندی فەلسەفەی ئایین بە تووخمی (کارەکتەر، شوێن، کات) لەم رۆمانەدا شیکراوەتەوە.

## بەشی یەکەم: فەلسەفە و ئایین لە رووی تیۆرییەوە

## تەوەرەی یەکەم: چەمك و پێناسە ( فەلسەفە و ئایین )

### ١.١ چەمك و پێناسەی فەلسەفە

فەلسەفە چەمکێکە بەردەوام لە گۆڕان و زیندووبوونەوەدایە بەهیچ جۆرێك ناتوانرێت فەلسەفە بە یەك چەمك ببەسترێتەوە، بەڵکو بە شێوازی جیاجیا لە روانگەی ((ئەو چالاکی و هەوڵ و کۆششەی ئادەمیزاد دەیدات، بۆ تێگەیشتنی لە سروشتی گەردوون و ناخی خۆی و پەیوەندی نێوانیان ڕووندەکاتەوە بەشێوەی بنچینەیی))(مید، ١٩٦٩: ٣٢) و حەقیقەتی گومانەکان دەخاتەڕوو, لە رووی مێژووی زاراوە و بەکارهێنان، فەلسەفە ((بۆ هەردوو وشەی (فیلۆ سۆفیا) دەگەڕێتەوە، (فیلۆ) بە واتای خۆشەویستی، (سۆفیا) بە واتای دانایی (حیکمەت) دێت، کەواتە وشەی (فیلۆسۆفیا) بە واتای خۆشەویستی دانایی (خۆشەویستی حیکمەت) دێت)) (بودیوس،١٤٢٥: ١٣) هەرچەندە واتا و گوزارشتی دیکە بۆ وشەی فیلۆسۆفیا دانراوە، دواجار گشتاندن بۆ ئەو وشەیە دەکرێت بە واتای (خۆشەویستی دانایی یاخود حەزکردن بە خۆشەویستی بۆ زانین) دێت.

بیروبۆچوونی بەشێك لە بیرمەندانی بواری فەلسەفە دەربارەی وشەی فەلسەفە دەخەینەڕوو، هەروەکو دکتۆر حەمید عەزیز دەڵێت : ( (فەلسەفە وشەیەکی یۆنانیە لە دوو کەرت پێکهاتووە. لە فیلۆ Philo (بە واتای حەزکردن) سۆفیا Sophy (بە واتای دانایی) کەوابوو وشەکە بە هەردوو کەرتییەوە بە مانای حەزکردن لە دانایی ئەبەخشێ)) (عزیز، 1979: 35) ئەگەر واتاکەی بگۆڕێت بۆ حەزکردن لە دانایی جوانترە، فەلسەفە جۆرێکی بیرکردنەوەی عەقڵانی و ئومێد بەخشینە بە بیرکردنەوە.

بەشێکی فەیلەسوفان واتای (لێکۆڵینەوە) دەخەنە پاڵ وشەی (فیلۆ) لە وشەی (فیلۆسۆفیا)، هەروەکو (دیکارت) لەسەر چەمکی فەلسەفە دەڵێت: ((وشەی فەلسەفە بە واتای لێکۆڵینەوەیە لە دانایی (حیکمەت) واتای (دانایی) تەنیا کورت نەکراوەتەوە لە وردبوونەوە لە کرۆکی شتەکان، بەڵکو دانایی بە واتای گەیاندنی ئەو سوودەیە، کە مرۆڤ دەتوانێت دەربارەی شتەکان بۆ رێگە روونی ژیانی بیانزانێت)) (امین،1975: 12)، ئەمە بۆچوونێکی جیاوازە، چونکە فەلسەفە (لێکۆڵینەوەی لە دانایی) دەخاتەڕوو.

دەگوترێت (هیرۆدۆتس)ی مێژووناس یەکەم کەس بووە ((دارِشتنی کرداری (فعلی) فەلسەفەی بەکارهێناوە ...))(کولبە، 1955: 8)، هەموو مرۆڤێك یاخود بوونەوەرێك جۆرێك لە فەلسەفەی تایبەت بە تێڕوانین و ژیان و بیرکرنەوەی خۆی هەیە. لە فەلسەفەدا ((هیچ شتێك نییە بە ناوی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ چەمکەکان، تەنانەت خودی فەلسەفە خۆشی ناتوانێت پێناسەی فەلسەفە بکات)) (اویزرمان،1982: 146) واتە پێناسەیەك کە یەکلاکەرەوەیەکی وردی فەلسەفە بێت تەنانەت پێناسەی فەلسەفە جۆرێکە لە فەلسەفە.

فەلسەفە گەڕانە بە دوای زانیاری و مەعریفە، جا ئەو گەڕانە کرداری بێت یان هزری بێت (خەیاڵی و روحی)، گرنگ گەڕانە بە دوای دۆزینەوەی گەوهەری دیاریدەیەکی بوون، بۆیە (( ئەرکی فەلسەفە و فەیلەسوفان گۆڕینی جیهانە)) (انجلس، 1968: 40) و گۆڕینی بیرکردنەوە و تێرکردنی ئاسودەیی رۆحە، زیاتر پەیوەستە بە پیرۆزی ئایین و ناسینی خودا، کەواتە فەلسەفە گەڕانە بە دوای مەعریفە و دۆزینەوەی حەقیقەتی گومانە، فەلسەفە شارەزابوون و لێکۆڵینەوەیە لە گۆڕینی بیرکردنەوە و گەڕانە بە دوای مەعریفەتدا.

**٢.١ چەمک و پێناسەی ئایین**

ئایین کۆمەڵە ڕێسا و بنەمایەکە بۆ بەرژەوەندی گشتی لە پێناوی ئامانجێک دانراوە ، کە مرۆڤ هەوڵی هێنانەدی دەدات بۆ ڕازی بوونی دروستکەری ئاینەکە، یاساکانی ئایین چوارچێوەیەکن هەموو بوارەکانی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە و ئەگەر مرۆڤ پەیڕەوی بکات بێگومان شاد و کامەران دەژیت، بۆیە ئایین پەیوەندی بە لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستی و رۆشنبیری سیاسی..) هەیە ، واتە ئایین بنەمایەکی گرنگە بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان.

ئایین هەمیشە دژە نەزانینە و بەردەوام بە دوای زانست و لادانی پەردە شاراوەکان و پرسیارە قوڵەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤە، کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە کێشە لەگەڵ خۆی، جەدەلی عەقڵی هەندێک مەعریفە قبوڵ ناکەن، ئەوا ئایین دەبێتە پێوانە و پارسەنگی حوکم و بڕیار.

پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ئایین نییە، چونکە پەیڕەوکەرانی نەیانتوانیوە پێناسەیەکی بەهێز و بێ کەموکورتی بۆ ئایین دابنێن، پرسیارەکە لێرە ئەوەیە کە ئایا بەهێزی ئایینە؟ یاخود جیاوازی بیروڕاکانی مرۆڤە؟ تا ئێستا پێناسەیەکی تۆکمە و راست و دروست بۆ ئایین نەکراوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەرئەوەی ((ئایین سەرەتاییترین فۆڕمی بیرکردنەوەی مرۆڤە)) (نەوزاد، ٢٠١٦: ١٧)، بۆیە ئایین ڕەهەندێکی مرڤایەتی هەڵگرتووە، لە ئاکام و پێداویستی کۆمەلگا هاتۆتە ئاراوە، ((ئایین وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤە لە حاڵەتێکی تایبەتدا)) (سلان، ٢٠٠٩: ٣١٤)، بۆیە ئایین پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کائینێک لە مرۆڤ باڵاتر ڕێکدەخات، هەوڵدەدات بە جوانترین شێوە پرسیارەکانی ناخی بوروژێنێت، دواجار مرۆڤ لە پەیوەندی دایە لەگەڵ خواکەی یاخود ئەو بوونەی بە خوای دەزانێت.

**١. ٣ جۆرەکانی ئایین**

ئایین  بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەکرێتە سەر دوو جۆر:

یەکەم: ئایینی ئاسمانی _ ئیلاهی (سروش)

دووەم: ئایینی زەمینی، ئەم جۆرە ئایینە دوو جۆرە (مێژوویی، دەستکرد )

**یەکەم: ئایینی ئاسمانی (سروش)ی**

ئایینی ئاسمانی بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێسا و یاسای گشتی، تایبەت کراوە بە گەلێک یا نەتەوەیە یا کۆمەڵێک یا سەرتاپای زەمین، بەها و تایبەتمەندی مرۆڤایەتی دیاری دەکات، کۆمەڵێک پێوانە و سنوور بۆ ڕۆحی مرۆڤ دەخاتە بەر دەست، کە تێکەڵ بە هەست و سۆز و نەستی بووە، ئەو جۆرە ئایینە بۆ پێویستی مرۆڤ لە لایەن خوای گەورەوە هاتۆتە خوار، خوای گەورە لە ڕێگەی سروش (وحی) بە پێغەمبەرانی گەیاندووە.

**دووەم: ئایینی زەمینی**

ئەمجۆرە ئایینە دابەش دەکرێتە سەر دوو جۆر، کە بریتیین لە ئایینی مێژوویی و ئایینی دەستکرد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**یەک: ئایینی مێژوویی**

ئایینی مێژوویی بریتییە لەو ئایینەی، کە هیچ کەسێک نازانێت سەرەتاکەی لە کوێ دەستی پێکردووە، واتە مرۆڤایەتی بە پێی قۆناغەکانی پێیگەیشتووە، ئەو ئایینە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گواستراوەتەوە، کەواتە ئایینی مێژوویی ((سەرچاوەکانیان نادیار و نەناسراوە، ئایینەکە بە پێی دابونەریتی کۆمەڵگە خۆی گونجاندووە، یاخود کۆمەڵگە بەپێی رێسا و یاسای تایبەتی ئایینەکە خۆی گونجاندووە، لە هەردوو حاڵەتدا کۆمەڵگە و ئایین کاریگەری لەسەر یەکتر دروست دەکەن. بەپێی مێژوو و گۆڕان لە یاساکانی ئەم ئایینە ڕوودەدات، پەیڕەوکەرانی بەپێی بۆچوونی خۆیان ئایینەکەیان تێکەڵی بیرکردنەوە و ژیانی ڕۆژانەیان کردووە، نموونەی ئەو جۆرە ئایینە (ئایینی شینتۆ لە ژاپۆن، ڕێورەسمە ئایینەکانی پەرستنی ئاسمانی و زەوی لەچین لە پێش کۆنفۆشیۆس)). (راسل، 2018، 60)، کەواتە ئەم ئایینە بە شێوەیەك لە شێوەکان خزمەتی مرۆڤایەتی کردووە، لە کات و سەردەمێکی دیاریکراودا.

**دوو: ئایینی دەستکرد**

ئایینی دەستکرد کۆمەڵێک بنەما و پێوانە و یاسایە، کە مرۆڤ دایڕشتووە بە مەبەستی دژایەتیکردنی یا تەواوکردنی ئایینێکی دیکە، یا سەپاندنی بیروباوەڕی خۆی، لە ئایینی دەستکرددا بۆچوونی تاک لەسەر کۆمەڵگە بە دیار دەکەوێت، بۆ نموونە ئایینی (بودا).

ئەمجۆرە ئایینە چەشنی ئایینی مێژوویی بە پێی بیرکردنەوە و تێروانینی مرۆڤەکان دەگۆڕێن، زیاتر ئەو ئایینە بۆ بەرژەوەندی تاکێک یاخود کۆمەڵێک لە جیهان بەکاردێت، زیاتر لەو نەتەوە و گروپانە بەدیار دەکەوێت، کە دژایەتی ئایینی ئاسمانی دەکەن یاخود نازانن ئایین چییە؟

## تەوەرەی دووەم: ڕوانینێك بۆ (پەیوەندی و جیاوازی) نێوان فەلسەفە و ئایین

### ١.٢ جیاوازی نێوان فەلسەفە و ئایین

هەرچەندە فەلسەفە و ئایین لە چەند خاڵێکی تێڕوانیندا هاوبەش بن، ئەوا چەندین ئاڕاستەی جیاوازییان هەیە و خاڵە جیاوازەکانیان یەکتر تەواو دەکەن، گرنگترین جیاوازییەکان لە ڕووکاری (مێژوویی و کۆمەڵایەتی و باوەڕبوون و بانگەشە و سرووت و بنەما ..) بریتیین لە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢. ١.١ لە ڕووکاری مێژوویی:**

ئەگەر لە مێژووی سەرهەڵدانی فەلسەفە بکۆڵینەوە، فەلسەفە دوای ئایین لەدایکبووە، ( بە پێیەی ئایین وەك رەهەندێکی مرۆیی کۆمەڵگە، ئاکام و دەرهاویشتەی خۆیی و بابەتییە، ئایین ئەوە دەسەلمێنێت، کە وەڵادەرەوەی پێداویستیەکانی مرۆڤە لە بارووددۆخێکی تایبەتدا، بەهۆیەوە عەوڵی دابینکردنی بوونی خۆی بە شوێنکەوتنی راستییەکی گەورەتر و زیاتر لە مانەوەی خۆی دەدات) (مسلان، 2009، 314) ، بۆیە ئایین بڕوابوونی مرۆڤە بە بوونی شتێك لە مرۆڤ باڵاتر، ، گەڕانە بە دوای بووناسی خۆی، کەچی فەلسەفە لێکۆڵینەوەیە لە هزری مرۆڤایەتی و دروستکردنی پەیوەندی بووناسییە بە خۆیی و بە جیهانەوە.

**٢.٢.١ لە ڕووکاری بانگەشەوە:**

فەلسەفە گرنگی بە کرۆکی ژیری و عەقڵ دەدات، لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤ کە بانگەشەی بۆ دەکات، کەچی ئایین بەپێی ئەو بنەمایەیە کۆمەڵێک دەستوور و یاسا لەخۆدەگرێت مرۆڤ بانگەشەی بۆ بکات، چونکە (( مرۆڤ توانستی ئەوەی نییە بانگەشەی بێ مانایی بکات تا خۆی بە جوانی و تەواوەتی لە ماناداربوونی گەردوون نەگات)) (عامری، 2020، 231)، لە رێگەی دەقە ئاینییەکان مرۆڤ پشت بە ماناداربوونەکە دەبەستێت، کە لە ڕێگەی پەرستنیەوە ئەنجامی دەدات، کەچی فەلسەفە بۆ ڕازیکردنی عەقڵە لە ڕێگەی ئەو بەڵگانەوە کە سەلماندوویەتی.

**٢. ١.٣ لە ڕووکاری شیکاریکردنەوە:**

فەلسەفە شیکار و ( ڕاڤەی ژیریی مرۆڤە بۆ ژیان و جیهان و ماناکان ) ( الخویلدی، 2007، 358) کارگەی بەرهەمێنانی پرسیارەکانە لەو ڕوداوانەی مرۆڤ تەنیا بە خەیاڵ درکیان پێدەکات، وەڵامی ئەو پرسیارانە خۆی لە یەک وەڵامی گشتگیردا نادۆزێتەوە، کەچی ئایین دروستکەری کۆمەڵێک وەڵامە، ( کە لێکدانەوەی ئەقڵانی و زانستیان نییە بۆ دیاریدە و پرسەکانی ژیان ) ( جەمال، 2016، 222)، چونکە پرسیارەکان لە بیرکردنەوەی مرۆڤدا نەبوون و نەکراون، مرۆڤ تا ئێستاش ناتوانێت پرسیاریان لەسەر بکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢. ١.٤ لە ڕووکاری سرووتەوە:**

فەلسەفە پابەند نییە بە هیچ سروتێکی پیرۆزەوە، تەنها خەریکی لێکۆڵینەوە و گەیشتنە بە چوارچێوەی ژیری، دروستکردنی پایەی عەقڵانی، کەچی ئایین پەیوەندی بە کۆمەڵێک سرووتەوە هەیە، زیاتر سروتە پیرۆزەکان خۆیان لە ئایەت و دەقە پیرۆزییەکان دەبیننەوە، کە بە هیچ جۆرێک گۆڕانیان بەسەردا نایەت لە (ئایینی ئاسمان)یدا.

**١.٥.٢ لە ڕووکاری باوەڕبوون:**

فەلسەفە تەنیا باوەڕی بە بەڵگە و سەلماندن هەیە، ئایین (هزرێکی غەیباتی باڵا دەستە و کاریگەری خۆی هەیە لە سەر کۆمەڵگە و مرۆڤ گەلێکە) ( جەمال، 2016، 222)، کە باوەڕییان بە باڵادەستی خوا و سەرجەم دەقە ئایینیەکان هەیە، لەلایەن خوداوە بۆ پەرستیارانی نێردراوە، لادان لە دەقە ئاینییەکان دەرچوونە لە ڕێبازی خواناسیندا.

**٢. ٢ پەیوەندی نێوان فەلسەفە و ئایین و ئەدەب**

دەتوانرێت پەیوەندی نێوان فەلسەفە و ئایین لە چوارچێوەی چەندین ئاراستەی (جیاواز و هاوبەش) دا باسبکرێت، لێرەدا دەمانەوێت قسە بکەین لەسەر ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوانیان و خاڵە جیاوازەکانیان لەگەڵ ئەدەبدا بە گشتی و ژانری ڕۆماندا بە تایبەتی.

**یەکەم:** ئەگەر فەلسەفە پرسیارکردن بێت لە بەهای مرۆڤایەتی و ئایین و بڕوابوون بە خودا، ئەوا ئەدەب نیشاندانی پەیوەندی نێوان (فەلسەفە و ئایین)ە لە فۆڕمێکی جیاواز کە بیرکردنەوەی مرۆڤ بە (باش و خراپ)ەکانیەوە پیشان دەدات.

**دووەم:** ئەگەر فەلسەفە داماڵینی خورافیات و دروستکردنی عەقڵێکی مرۆڤ بوونە، ئەوا ئایین ئاکاری مرۆڤایەتی دەستەبەر دەکات، لە پێناو حەسانەوەی مرۆڤدایە و هەمیشە کرداری چاک و پڕکردنەوەی جوان و ڕەفتاری پڕ لە بەها دەبێتە ئاکاری مرۆڤ لە ئایندا.

**سێیەم:** مرۆڤ لە ئاییندا پەیوەست دەبێت بە کۆمەڵێک یاسا و بنەمای نەگۆڕ و جێگیرکراو، کەچی ئەدەب زیاتر گرنگی بە واقعی مرۆڤایەتی دەدات، واقعیەتی ئەدەب ئەو ڕوداو و دیمەنە سروشتییانەی لە (ڕابردوو و ئێستا و ئاینده)دا ڕوودەدەن، نووسەر کاریگەرە بە ڕووداوەکان و

دەیکاتە وشە و لە چوارچێوەی ژانرێکی ئەدەبیدا دەریدەبڕێت، تەنانەت هەندێکجار لە دنیای خەیاڵ و ئەندێشەدا کێشە و گرفتەکان دەکاتە جوانترین شانۆ و پێشکەشی وەرگری دەکات، سەرنجیان بۆ خۆی ڕادەکێشێت، ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر بەهۆی دەسەڵاتێکی فەلسەفی و ئایدیایەکی بەهێزە، ئەو زنجیرە بیرکردنەوەیەی بۆ ڕووداوەکان بەپێی ڕووداوە (مێژوویی و ئاینی و کۆمەڵایەتی ..) یەکان کە لە هزریدا دایڕشتوە، ئەگەر (ئەوە ڕاست بێت ئەدەب بە تەنیا (خودواندنی تاکە) یان (خودواندنێکی کاتیی خودیە) ئەوا دەبوایە پەیوەندی نێوان نووسەر(ئەدیب)بە واقیع و مێژوو و شوێن و شارستانی نەمێنێت) (شیا، ٢٠٠٩:٩٠) هەرچەندە ئەو پەیوەندییە بەپێی کات لە قوڵبوونەوەدایە و زیاتر تێکچڕژاوە و هەمیشە لەتۆکمەبوون دایە.

## بەشی دووەم: فەلسەفەی ئایین لە رۆمانی ( شنگال، هایێ ل من )ی کەریم کاکە)

### تەوەرەی یەکەم: مێژووی فەلسەفەی ئایین لە ڕۆمانی کوردیدا

ڕۆمان ژانرێکی ئەدەبییە لە سەدەی حەڤدە لە ئەوروپا سەریهەڵداوە، چەرخی زێڕینی لە سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بووە، ئەگەرچی ڕۆمان بەرهەمی داستان و ئەفسانەیە لە فۆرمێکی پوخت و کورتدا، تێڕوانینی ڕۆماننووس بۆ ڕووداوەکان، شێواز و جۆری ڕۆمانەکە لە ڕووی (ئاینی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و... هتد) دیاریدەکات، تەنانەت کاریگەری گێڕانەوەی ڕۆماننوس لەسەر (کارەکتەر و شوێن... هتد) پیشاندەدات، بۆیە ئایین چوارچێوەی بیرکردنەوەی ڕۆماننووسە، ئەو چوارچێوەیە لە (شێوازی بیرکردنەوەی کارەکتەر و شوێن و کاتی ڕووداوەکان و جۆری گێڕانەوە ) دیاردەخرێت.

ڕۆماننووس بەپێی جۆری بیرکردنەوە ڕووداوەکانی ئەو فەزایە فەلسەفییە ئایینە دروستدەکات، کە خۆی باوەڕی پێیەتی ((ڕۆماننووس تاڕادەیەک سەربەستی هەیە لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ناو ڕۆمانەکەی، دەبێت بوار بۆ ڕەخنەگر و خوێنەر جێبهێڵێت کە تا چەند دەتوانن بیروبۆچوونی خۆیان لە بارەی توخم و تەکنیکەکانی ڕۆمانەکە دەربڕن، بۆ ئەوەی پەیوەندییەک لە نێوان سەربەستی (نووسەر و وەرگر و ڕەخنەگر) بەرجەستەبێت)) (پیرداود، ٢٠١٥ : 8،9)، هەندێکجار بەپێی بیرکردنەوەی کارەکتەری نێو ڕۆمانەکە شێوازی بیرکردنەوەی ڕۆماننووس و حەقیقەتی کارەکتەری نێو ڕۆمانەکە بەدیار دەکەوێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

((فەلسەفەی ئایین لێکۆڵینەوەیەکی ئەقڵییە بۆ ئەو واتا و لێکدانەوانەی کەوا بنەماکانی ئایین و شیکردنەوەکانی بۆ دیاردە سروشتییەکان و دیاردەکانی سەرووی واقیعە))، (حەوێز و کریم، ٢٠٢٣: ٦)، فەلسەفەی ئایین زیاتر گرنگی بە حەقیقەتی بوونی ڕووداو دەدات، کەچی لە ئەدەبدا نووسەر زۆرجار ئازادە خۆی پەیوەست کات بە خەیاڵ، کە ڕەنگە لە واقیعدا شوێن و پێگەیان هەبێت یان نەبێت، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت لە باری ئاگایی دا بێت یان لە حاڵەتی کپ بوون و نائاگایی دا پەنا دەباتە بەر ڕووداوەکانی ((ئەو جیهانە خەیاڵاوییەی کە نووسەر دروستی دەکات و پێویستە نزیک بێت لەو ڕوداوانەی کە لە ژیانی واقعی و ڕاستەقینەیی دا ڕوودەدەن)). (عوین، ٢٠٠٩: ٨)

بە پێی تێڕوانینی فەلسەفی ئایینی ڕۆماننووس بەها و نرخ بۆ ڕووداوەکان دادەنێت، ((چونکە ڕووداوەکان خۆیان لە خۆیاندا بەهای هونەرییان نییە، بەڵکو بەهای ڕاستەقینەیان لە جۆری پێشکەشکردنە)) (سابیر، ٢٠٠١، ٩٤) و شێوازی گێڕانەوەی ئەو وشە بەپێزانەیە، کە پەیامەکەی لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە پێدەگەیەنێت.

نەتەوەی کورد بەر لە گەیشتنی ئایینی ئیسلام بە چەندین ڕێبازی ئایینی ئاسمانی و دەستکرددا گوزەری کردووە، گرنگترین ئایین پەیڕەوی کردبێت بەر لە هاتنی ئیسلام ئایینی (زەردەشتی و یەزیدی و مەسیحی و یەهودی ... هتد) بووە، کەواتە ڕۆماننووس لە ڕێگەی کاریگەری ئایینە جیاوازەکانی دیکەوە، کە لە کۆن و ئێستا پەیوەندییان بە نەتەوەی کوردەوە هەیە، بیروباوەڕی خۆی یاخود کاریگەری ئایین لە ڕێگەی کارەکتەری ڕۆمانەوە دەردەبڕێت.

لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد زیاتر لە هەڵگرانی ئایینی ئیسلامن و پەیوەستن بە ئایینی ئیسلامەوە، ئەو ئایینە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی زۆربەی نووسەرانی کورد هەیە، ڕۆماننووس ناتوانێت لە چوارچێوەی دەستوور و یاسا و بنەما و پرەنسیبی ئایینی ئیسلام دەربچێت، تەنانەت ئەگەر ڕۆماننووس پەیڕەوکەرێکی ئایینی ئیسلامی نەبێت ناتوانێت بە ئاشکرا و دیار لە ڕۆمانەکەیدا دژایەتی ئایینەکە بکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**تەوەرەی دووەم:**

## 2-1 پەیوەندی نێوان فەلسەفەی ئایین بە توخمەکانی ڕۆمان

هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی لە چەندین توخم و ڕەگەز پێکهاتووە، خاوەنی خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیانن، یەکێک لە ژانرە ئەدەبییە گرنگەکان ژانری ڕۆمانە، لەسەر بنەمای چەندین توخم و ڕەگەز بنیادنراوە، (ڕەگەز و توخم)ەکانی ڕۆمان هەریەکەیان گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە و تەواوکەری یەکترن، پێکهێنەرەکانی هەر ڕۆمانێک بریتیین لە (ڕووداو، کارەکتەر، شوێن، گێڕانەوە، زمان، ... هتد) سەرەکیترین بنەمای ڕۆمانی سەرکەوتوون و پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و بەهێز لە نێوانیاندایە، هەموویان فەزایەک پێکدەهێنن پێی دەگوترێت تابلۆی بینادی دەقی ڕۆمان، بەڵام چوارچێوەی ئەو تابلۆیە جیهانبینی ئایینی لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا و چۆنیەتی کرداری کارەکتەر و شوێن و ڕووداو و شێوازی گێڕانەوەیان دیاریدەکات، دەکرێ شێواز و جۆری بیرکردنەوە بکرێتە تەکنیکێک ناوبنرێت بە تەکنیکی فەلسەفەی ئایینی، ((ئەم تەکنیکە دابڕاو نییە لە توخمەکانی تری گێڕانەوە، بەڵکو دەچێتە ناو پەیوەندییە جیاواز و جۆراوجۆرەکان، لەگەڵ توخمەکانی دیکەی حەکایەتدا ئاوێتە دەبێت))، (بحراوی، ١٩٩٠: ٣٥) بەشێوەیەک هاوسەنگی خۆیان لەگەڵ توخمەکانی دیکەی ڕۆمان ڕادەگرن.

### 1-2-1 پەیوەندی نێوان فەلسەفەی ئایین بە توخمی کارەکتەر

کارەکتەر یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی هەموو ژانرێکی ئەدەبی، هیچ ژانرێکی ئەدەبی نییە کارەکتەر تێیدا ئامادە نەبێت، هەر کارەکتەرێک بە پێی جەوهەری بیرکردنەوەی خۆی و شوێنەکەی، تێڕوانینی جیاوازی بۆ ژیان دەبێت و وێنای ئەو ڕووداوانە دەکات کە پێی دەسپێرن، مەرج نییە کارەکتەر لە ژانری ئەدەبیدا مرۆڤ بێت، گیاندارێت یان بێگیان، گرنگ ئەوەیە کارەکتەر کارێک ئەنجام بدات یان پێی بسپێرن یان کارێکی بدەنە پاڵ.

هەر ڕووداوێک لە ڕۆماندا ڕوودەدات، پێویستی بە کارەکتەرێک هەیە، لە چوارچێوەی سنووری بیرکردنەوەی خۆیان ڕەفتاربکەن ((چونکە ئەقڵی مرۆڤ توانای تێگەیشتنی نییە لە جیهانی ناواقعی و غەیبی))، (سدیق، ٢٠١٥: ٢٤٢)، لەبەرئەوەیە تەنیا ئەو ڕووداوانە بەرجەستە دەکات، کە مرۆڤ دەتوانێت عەقڵی بەسەریدا زاڵ بێت، نەک بە شێوەی موعجیزە ئاسا ڕووداوێک دروست

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکات، کە ئەقڵی مرۆڤایەتی باوەڕی پێ نەهێنێت، لە هەندێ چیرۆکی قورئاندا هەندێک ڕووداو هەن مرۆڤ ئەقڵی بەسەردا ناشکێت کە لە لایەن کارەکتەری نێو چیرۆکەکە کراون، بۆ نموونە کاتێک پێغەمبەر ئیبراهیم دەخەنە ناو ئاگر، ئەوا خوای گەورە بە ئاگر دەفەرموێت: ((قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَى إِبْرَاهِيمَ)) (الانبياء، ٦٩)، ((واتە بە ئاگرمان گوت کە سارد بێت و ئیبراهیم بە سەلامەتی لە نێویدا بمێنێتەوە))،(کوڕی کەسیر:٢٠١٢، ب١٤: ١٢٧)، پێغەمبەر ئیبراهیم وایدەزانی دوا هەناسەیەتی کە دەیخەنە نێو مەنجەنیق و دەخرێتە نێو ئاگرێکی بەهێز، خوای گەورە فەرمان  بە ئاگر دەکات کە ساردبێتەوە و بە سەلامەتی ئیبراهیم لەنێویدا گوزەر بکات، ئەو جۆرە کردارانە عەقڵ و زانست و دڵ پێچەوانەی یەکتر دەکەنەوە، چونکە زانست دەیسەلمێنێت هەر شتێک بەر ئاگر بکەوێت دەسووتێت، عەقڵیش لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەیەیە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ بڕوای بە خودا هەبێت لە دڵەوە، ئەوا ئاگر نایسوتێنێت ((دڵ هەندێک بەڵگەی خۆی هەیە کە ئەقڵ توانای تێگەیشتنی نییە، بەڵێ ئایین پەیوەندی بە دڵەوە هەیە کە هێشتا پەی پێ نەبردووە، چونکە عەقڵ چەندی توانای هەبێت، هەر ناتوانێت وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی پرسە مکانیزمییەکان بداتەوە)). (سدیق، ٢٠١٥: ٢٤٢)

ئەرکی ڕۆماننووسە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان بۆ ئایین بە سادەیی دەرببڕێت، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی زیاتر پەیڕەوی ئاینی ئیسلام دەکەن، زۆربەی کات کەسایەتییەکان دەبنە خاوەنی پێگەی خۆیان لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا، کە ڕووداوێک درابێتە پاڵ بەپێی جۆری بیرکردنەوە و کرداری کاراکتەر، هەندێك جار کاراکتەر ((لە ڕۆماندا بوونەوەری سەر کاغەزن))، (عزام، ٢٠٠٣: ٢٠٤)، یان خەیاڵی بن یا واقعی بن یان لەواقع نزیک بن، چونکە کارەکتەری ڕۆمان بەهۆی ئەو چالاکییانەی لە ڕووداوەکاندا بەشداری دەکەن ، دەبن بە خاوەنی پێگەی خۆیان و دروستدەبن، نەک بەهۆی جیاوازی تایبەتمەندی پلەی کۆمەڵایەتییان.

### 2-2-1 پەیوەندی نێوان ئایین  بە توخمی کارەکتەر لە ڕۆمانی (شنگال هایێ ل من)ی کەریم کاکە

پەیوەندی فەلسەفەی ئایین بە توخمی کارەکتەر لەم ڕۆمانەدا پەیوەندییەکی مێژوویی کۆنە، نووسەر لە ڕێگەی فلاشباکەوە (گەڕانەوەی کات) لەسەر زاری کۆمەڵێک کارەکتەر پەردە لەسەر

حەقیقەتی بەشێکی ڕووداوەکان هەڵدەداتەوە، هەرچەندە کارەکتەرەکانی نێو ئەو ڕۆمانە لە قەلەقی و گوماندا دەژین، گومانییان لە داهاتوو هەیە، کەچی بیریان چووە لە ئێستادا گوزەر دەکەن، جەوهەری بیرکردنەوەیان تەنها لە ڕابردووە و ترسیان لە ئایندە هەیە، چونکە لە ڕۆماندا ((کەسایەتییەکان (کارەکتەر) بەو خاسیەت و تایبەتمەندییەی هەیانە، کەسایەتیان دەردەکەوێت، بەڵام بەختەوەری و بەدبەختیان بەهۆی کردەوەکانیانەوەیە)). (بای وتر، ١٩٩٩، ١١٣) کەواتە کارەکتەرەکان هەر کردەوەیەک دەکەن خۆیان لێی بەرپرسن نەوەکو ڕۆماننووس، بەڵام لە هەندێك ڕۆماندا کارەکتەرەکان بووکەڵە شووشەیەکن بە دەست ڕۆماننووسەوە، گوزارشت لە بۆچوونی ڕۆماننووس دەکەن، هەندێکجار تەنها هەڵسوکەوتکردنی کارەکتەر نامانگەیەنێتە خاڵی کۆتایی ناسینی کارەکتەر و ئەو پەرچەکردارانەی بەهۆی هەڵوێستەکانی دەیکات، ڕەنگە لە ناخەوە ئەو کەسە نەبێت، کە ڕۆماننووس ئەو ڕۆڵەی پێ بەخشیووە، ((چونکە زانست نەگەیشتۆتە ئاستێک بتوانێت بچێتە ناخی مرۆڤ و پێکهاتە و ئاواز و زۆری بیرکردنەوەی مرۆڤ دیاری بکات)). (ولی و محمد، ٢٠٠٤: ١٧٣)

ئەو کارەکتەرانەی ڕۆماننووس ناویهێناون زۆربەیان ڕۆڵی کاراکتەری سەرەکی دەبینن، کە بریتین لە ( حیکایەتخوان، پیری چڵ چلە، کەژی، تەنبوور، دیرۆکزان، کەزی زەر، کوڕەی ڕوو بە ماچ، کریڤۆ، هەشتسمێڵ..)، زۆربەی کارەکتەری نێو رۆمانەکە پەیوەستن بە پەیڕەوکەرانی ئایینی ئێزیدی، ڕۆماننووس بەهۆی شارەزانەبوونی لە ئایینی یەزیدی بە شێوەیەکی تەواو نەیتوانیووە باسی ئەو دابەشبوونەی پیاوانی ئایینی ئێزیدی بکات لە ڕۆمانەکەیدا کە ئایینی یەزیدی ((بەهۆی باری چینایەتی ئێزیدییەکان بۆ حەفت چینی ئایینی و کۆمەڵایەتی داخراو دابەشکراون، کە ئەمانەی خوارەوەن، ١- میر، ٢- پس میر، 3- شێخ، ٤- کوچاع، ٥- گۆبەندە (قەوال)، ٦- فەقیر، ٧- مورید))، (ئەلوەنی، ١٩٩٩: ٤١- ٤٣) هەر چینێک لەم چینانە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی تایبەت بە خۆی هەیە، کەچی لەم ڕۆمانەدا نازانرێ کارەکتەرەکان لە کام چینن.

((کەژی لە خوێندنەوە و گوتنەوەی دێری ماری ڕەش پیرۆزە نەبۆوە لە تەنیشتیەوە خشەیێ هات، تەماشا دەکات مارێکی ڕەشی بەژنێ درێژ بەرەو ئەو تاشە بەردە دەخشێ کە چیرۆکی کەشتی و ماری بە تیشکی ڕۆژێ لەسەر نووسراوە)). (کاکە، ٢٠١٩: ١٩)

خوێندنەوەی سرووتە ئاینیەکانی (کتێبی ڕەش) لای پەیڕەوکەرانی ئایینی ئێزیدی پیرۆزە، ڕۆماننووس پێماندەڵێت هەروەکو چۆن موسڵمان لەکاتی تەنگانەدا پەنا بۆ قورئان دەبەن، کەژێ وەکو کچە (ئێزید) یەک پەنای بۆ پیرۆزی (کتێبی ڕەش) هێناوە، لە بەشێکی چیرۆکەکەدا (پیری چل چلە) ڕوونکردنەوە لەسەر نەبوونی پەیامبەر و نووسراوی ئایینی ئاسمانی (ئێزیدی)یەکان دەدات و دەڵێت:

((مامۆستا ئەدی مە پەیامبەر و کتێب نینە؟

- نا کچا من، مە تنێ خودێ هەیە پەیامبەر نییە پەیوەندی مە لەگەڵ خودا ڕاستەوخۆیە پێویستمان بە پەیامبەر نیە، تاوسی فریشتەی خوا بە ڕاسپاردەی خوا کاروباری دنیا بەڕێوە دەبات. کتێبی مە لەناو سینە و دلدایە نە لەسەر پەڕە کاخەزان، کتێبی مە لەسینگمانەوە زارە زار هاتووە دێ و دەڕوا)). (کاکە، ٢٠١٩: ٤٠)

لەوجۆرە گفتوگۆیە ڕوون دەبێتەوە ئێزیدی بڕوایان بە هیچ ئایینێک نییە، جگە لەو ئایینەی خۆیان باوەڕییان پێ هەیە، هیچ پەیامبەر و هیچ پەرتوکێکی ئاسمانی ڕێنموویان ناکات.

### 3-2-1 پەیوەندی نێوان فەلسەفەی ئایین بە توخمی کات

یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان کاتە، کات ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان یا بە پێچەوانەوە، هەندێکجار ڕووداوەکانی ڕۆمان ڕادەگیرێت لە ڕێگەی تەکنیکی فلاشباک، کە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، یان کاتی هاتنی ڕووداوەکان پێشدەخرێت لە ڕێگەی تەکنیکی پێشخەری، کەواتە کات یەکەیەکی گرنگە بۆ پێشخستن و گەڕانەوەی ڕووداوی نێو ڕۆمان، مەرج نییە کاتی ڕووداوی ڕۆمان هەمان کاتی واقیعی ژیان بێت، ((ئەو کاتەی لێی دەدوێن کاتێکی فیزیکییە، ئەو کاتەیە نووسەر ڕووداوەکانی تێدا ڕێکدەخات، سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی دەستنیشاندەکات))(حەسەن، ٢٠٠٤: ١٥٣)، زۆرجار کاتەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، ڕۆماننوس لە ڕێگەی وشەکانەوە یاری بە کاتی نێو ڕۆمان دەکات، بۆ ئەوەی وەرگر لەسەر یەک جۆر بیرکردنەوە لە کاتی ڕووداوەکان نەڕوات، بۆیە ((کات یەکەیەکی شاراوەیە لە هزر و بیرکردنەوەی مرۆڤدا)) (وورد،١٩٩٩: ٦٣)، تەنانەت شێوازی جێگۆڕکێ کردنی کات و پێشخستن و پاشخستنی لە ڕووداوەکان لە پەرتووکە پیرۆزەکانیشدا هەیە.

ئایینەکان بە شێوەیەکی گشتی زۆر گرنگی بە کات دەدەن، دەکرێت لە هەندێک دەقدا کات هەمان کاتی ڕۆژانە بێت، بەڵام لە هەندێک دەقی تردا کات جیاوازبێت، خوای گەورە لە دروستکردنی زەویدا کە دەفەرموێت:- (إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) ( الاعراف 54)، واتە (بێگومان پەروەردگارتان ئەو خودایەیە کە هەموو ئاسمانەکان و زەوی و هەموو گەردوونەی بە شەش ڕۆژ لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون، پاشان لەسەر تەختی پاشایی موڵکی خۆی، هەموو کائیناتە دەستی بەسەردا گرت)) (عبدالحمید، 2007، ب1: 385).

ڕۆماننووس گرنگی بە ((ڕێکخستنی ئەو ڕووداوانە دەدات، کە لە چەند کاتێکی جیاواز ڕوودەدەن گواستنەوەی کات لە ڕابردوو بۆ کاتی ئێستا و یان گواستنەوەی کاتی ئێستا بۆ ڕابردوو ئەم گواستنەوەی کاتە کاتییە و تایبەتە بە ڕووداوەکان))، (السید، ٢٠٠٨: ١٤٧) کەواتە ڕۆماننووس کاتی ڕووداوەکان دەگۆڕێت لە ڕێگەی تەکنیکی پێشخەری و پاشخەری، بەم شێوەیە ئێستایەک لە نێوان داهاتوو و ڕابردوو، ڕابردوویەکی بەسەرچوو، داهاتوویەک دیارنییە و تەنها لە ڕێگەی کارەکتەر و گێڕانەوەی ڕووداوەکان هو پێشبینیکردنیان دەتوانین بوونیان لە ئێستادا بەدی بکرێت.

### 4-2-1 پەیوەندی نێوان ئایین بە توخمی کات لە ڕۆمانی (شنگال، هایێ ل من)ی کەریم کاکە

کات لە ڕۆمانی (شنگال، هایێ ل من) زیاتر کاتێکی واقیعی و فیزیکییە، ڕۆماننووس لەڕێگەی حکایەتخوانی هەمووشتزان بەشێوەی زنجیرەیی ڕووداوەکان کاتی بە دوای یەکداهاتوو (لە ڕابردوو بۆ ئێستا و بۆ داهاتوو) پێشکەشی وەرگر دەکات، لە هەندێ ڕووداوی نێو ڕۆمانەکەدا لەڕێگەی تەکنیکی پاشخەریەوە، کاتی ڕووداوەکان لە ئێستادا دەگەڕێنێتەوە بۆ دواوە.

کاتی ڕووداوەکانی نێو ئەو ڕۆمانە دابەشدەکرێنە سەر دوو بەش ((ا- کاتی حیکایەت، ب- کات گێڕانەوە، کاتی حیکایەت ئەو کاتانە دەگرێتەوە کە دەبێت ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی تێدا لەدایک بووبێت، بەڵام کاتی گێڕانەوە ئەو کاتانەیە کە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی پێ

گێڕدراوەتەوە))، (ئەلوەنی، ٢٠٠٤: ٥٥) جێگۆڕکێکردنی کات پەیوەستە بە جیاوازی شێوازی کاتی حەکایەت و کاتی گێڕانەوە.

جەوهەری کات لەم ڕۆمانەدا زیاتر پەیوەستە بە مەعریفەی حیکایەتخوان کە باس لە بنبڕکردنی ئایینی (ئێزیدی) دەکات، کە کۆمەڵێک کوردی ئایین جیاوازن، لە دوای هاتنی ئیسلامدا لەسەر دینی خۆیان بەردەوامن و نەبوون بە ئیسلام، لە بەرانبەردا سەرانە و (باج)یان داوە، تەنها ئەو کاتانەی (باج)یان نەداوە شەڕ لە نێوان دەسەڵاتی ئیسلامی و یەزیدییەکان دروستبووە، بەتایبەت دوای گەیشتنی ئایینی ئیسلام بە پەیڕەوکەرانی ئایینی (ئێزیدی)، لە سەردەمی خەلافەتی (عومەری کوڕی خطاب)، سەرەتا بەرەنگاری دەسەڵاتی ئیسلام بوونەوە، بۆیە خەلیفە فەرماندەکات هێرشیان بکرێتە سەر، لەبەرئەوەی (نابن بە ئیسلام) و (ئامادەنین باج بدەن) و (مەلیک تاوس) بە پیرۆز دەزانن و دەیپەرستن، هەمان ڕووداو لە سەردەمی داعش بە سەرکردایەتی ئەبوبەکری بەغدادی دووبارە دەبێتەوە.

هەروەکو حەکایەتخوان کاتێک ئەو دیمەنە نمایشدەکات و دەڵێت: ((موعتەسم بیلای عەباسیی خەلیفەی موسڵمانان، پایتەختی گواستەوە، بەغدای هێنایە سامەڕا، باج و سەرانە لە سەر ئێزیدیان بە شێوەیەک زیاد کرا لە بنی هەڵنەدەستان، بۆیە میری ئێیزیدیان گۆتە خەلیفەی موسڵمانان:

ئەو سەرانە زۆرە، بە میللەتی ئێزیدی لە بنی دەرنایێ:

خەلیفە یەکسەر فەرمانی دا:

خونی ئێزیدی شەیتان پەرستان بۆ موسڵمانان حەڵاڵە ) (کاکە، ٢٠١٩: ٨٨)،

ئەم دیمەنە پەردە لەسەر دیمەنێکی ناشرین هەڵدەداتەوە کە باس لە فتوایەکی هەندێک لە زانایانی ئیسلام دەکات، گوایە کوشتنی (ئیزید)ی حەڵاڵە، ناوەڕۆک و جەوهەری ئەو فەتوایە خۆی هەڵەیە، چونکە ئێمە ئایەتی قورئانمان هەیە، کە خوای گەورە سزای ئەو کەسانە دەدات بە ناهەقماڵی خەڵك تاڵان دەکەن و دەیانکوژن، ە لە سورەتی (النساء) دەفەرموێت: ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا (29) وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ عُدْوَانًا وَظُلْمًا فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارًا وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا (30) واتە ( ئەی ئیماندارینە بە گوناهو بە ناحەقی ماڵی یەکتر مەخۆن چ بە دزی بێ یا بە گزی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فڕ و فێڵ لە کڕین و فرۆشتندا یاخود بە سوو خواردن قومارکردن بێت یا بەهەر ڕێگایەکی ناشەرعی تر، تەنها ئەو سامانە حەڵاڵ و دروستە خواردنی کەمامەڵە و کڕین و فرۆشتنی بازرگانی بێ حیلە و دوور لە فێڵ و درۆ، بە ڕەزامەندی یەکتر پەیدا دەکەن و دەستدرێژی مەکەنە سەر گیانی یەکتر، نە خۆتان بکوژن نە کەسێکی تر ئەو کەسەی کەسێک بکوژێت ئەوە کوشتنەکەی دەبێتەوە هۆی کوشتنی خۆی چونکە تۆڵەی لێ دەسەنرێتەوە و دەکوژرێتەوە، جا هەر وەک دروست نییە کە ئادەمیزاد کەسێک بە ناهەق بکوژێت هەر باش دروست نییە کە خۆی بکوژێت وەک ئەوەی کەسانێك لە ژیانی بێزار و لە کاتی تەنگانە و ناخۆشدا خۆکوژی دەکەن، ئەم گوناحە گەورەیە ئەنجام دەدەن ، بێگومان خوای گەورە خاوەنی بەزەییەکی بێسنوورە (29) هەر کەس لە فەرمانی خودا لا بدات بە ناحەقی دەست بەرێت بۆ ماڵ و سامانی کە سی تر یان بە ستەم دەستدرێژی بکاتە سەر مرۆڤێک و بیکوژێت بێ ئەوەی کوشتنی حەڵاڵ بێ، ئەوە لە ڕۆژی دواییدا خوا دەیخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ئەوە بۆ خودا کارێکی زۆر ئاسانە و هیچ شتێکی بۆ ئەو زاتە زەحمەت و گران نییە.)( عبدالحمید، 2007، ب1، 219 و210 )

هەرچەندە ئەم تێڕوانینەی حیکایەتخوان ناچێتە چوارچێوەی ئیسلامەوە چونکە خوای گەورە بەهیچ جۆرێك لە قورئان ئەو کردەوەی بە باش نەزانیوە، تەنانەت نەهی لێکردووە و سزای بۆ داناوە.

مێژووی لەناوچوونی ئایین و نەتەوەی ئێزیدی کۆنە، سەرەتا حەکایەتخوان لەسەر زمانی (پیری چل چلە) دەگێڕێتەوە دەڵێت: ((فەرمان لەڕێیە، لە سەردەمی عەیازی کوڕی غەنەمەوە لەڕێیە، لە سەردەمی بەدرەدینی لوئلوئەوە لەڕێیە، لە سەردەمی ئەبو مەسعودی موفتی عوسمانیەوە فەرمان بۆ قڕکردنی ئێزیدیان لە ڕێیە، ...))(کاکە،٢٠١٩: ٢١)

ڕۆماننووس لە ڕێگەی (تەنبوور)ەوە دووبارە، دوبارەبوونەوەی کارەساتی لەناوچوونی ئێزیدی دەگێڕێتەوە، دەڵێت: ((لە بەرایی دیرۆکی فەرمانەوە پێدادێ لە دەنگی شمشێر هەڵکێشان و تیر هاویشتنی لەشکری کوڕی خطاب و کوڕی غەنەمەوە پێدادێت دەگاتەوە زاری پڕ ژاری سعودی لەوێوە بۆ چەتەکانی نادرشا و داود پاشا، هێرشەکانی پاشای کۆرەو بۆ مەلێل گازی بەغدایێ، دێ دێ وا گەیشتەوە ئەبوبەکری بەغدادی)). (کاکە، ٢٠١٩: ٤٣)

جەوهەری بیرکردنەوەی مرۆڤ لە ئایینەکەی و دواتر نامۆبوونی ئایینەکەی بە دەسەڵاتەوە، هۆکاری لەناوچوون و لاوازبوونی ئایینەکەیە، چونکە بەردەوام لە تێکشکاندن و ڕوخاندایە، تێگەیشتن لەم هاوکێشە فەلسەفییە ئایینە هێزێک بە مرۆڤ دەبەخشێت، یان ئەو هێزە دەیرۆخێنێت یان سەرکەوتنی یەکجارەکی پێدەبەخشێت، ترس لە داهاتوو، شێوازێکە لە نامۆبوون و ترسی خۆڕسکی ((نامۆبوونی مرۆڤ ڕەهەندێکی فەلسەفی هەیە، تەنها ئابووری و کۆمەڵایەتی نییە جیاکردنەوەی بوونی مرۆڤ لە جەوهەری و داگیرکردنی جەوهەرەکەیە لە لایەن ئەوانی دیەوە)). (کەمال، ٢٠١٩:٢٢٤)

پەیڕەوکەرانی ئەو ئایینە ((بەر لە دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام بوونیان هەبووە، بەڵام بە دەرکەوتنی ئەو ئایینە کۆمەڵێکیان باوەڕیان پێهێناوە و کۆمەڵێکی دی لەسەر باوەڕە کۆنەکەیان ماونەتەوە))، (ئەنوەر، ٢٠١٨ :٤٠) ڕۆماننووس لە ڕێگەی (پیری چل چلە) بیروباوەڕی ئێزیدی بەپێی کات و سەردەمی پەیدابوونی ئایینە جیاوازەکان دەگێڕێتەوە، جگە لە ئاینی ئێزیدی بە هیچ جۆرێک باوەڕیان بە هیچ یاسا و ڕێسایەکی ئاینی دیکە نەبووە، بە هیچ ئاینێک ئاشنا نەبوون،

بگرە خۆیان بە سەرکردە و سەروەری هەموو ئاینێک زانیوە، هەروەکو دەڵێت:

((هەبوو نەبوو کەس لە ئێزید مەزنتر نەبوو، هێ ل تاوسی فریشتە چ کەس ل سەر زەوی نێنەرێ وی نەبوو، ئەو ئێزیدیانە ئایینێ خۆیان میلا و بە دوای زەردەشت کەوتن، باوەڕیان بە ئاڤێستا هێنا، پشتی چەندان ساڵەکی پەیامبەرێکی دی پەیدابوو ناوی وی موسا بوو کتێبی بوو (تەورات)ە، هندەک ل زەردەشتیان ئەو ئاینەشیان بەجێهێشت بە دوای موسا کەوتن ناویان خونا جوو، پشتی چەند ساڵەکیدی پەیامبەرەکیدی هاتە دنێ ئەوە (عیسا) یان دەگوتێ کتێبی وی (ئینجیل)،دیسان هەندێ زەردەشتی ئاینی خۆیان گۆڕی و خاچی عیسایان لە خۆ دا، ئەوانە بە (فەلە) ناویان ڕۆیشت، بەڵام چ ئێزیدیان بەگەل نەکەوت پشتی سەردەمەکی ئاینەکیدی لەبەری بیابانەوە هات پەیامبەری وی ئایینێ محمدی ناو بوو ئەو گوتبووی ئەز دوا پەیامبەرێ کتێبی مە (قورئان)ـە بەهەشت لە دەستێ مە دایە)). (کاکە، 2019: 39,40)

لێرە ڕوون دەبێتەوە کە ئێزیدی بڕوایان بە هیچ ئایینێک نەبووە جگە لە زەردەشت، ئەویش ژمارەیەکی کەمیان بوونەتە زەردەشتی، بە جۆرێک ئایینەکەیان داخراوە و بەردەوام بەرەو

لاوازبوون و لەناوچوون دەچن، بە پێچەوانەی ئایینی ئیسلام کە بەردەوام لە گەشەکردندایە، ئەو حیکایەتەی (پیری چل چلە) دەگێڕێتەوە بێ ئەوەی بزانێ قورئان باسی ئایینی ئیسلام و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کردووە، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: (اليوم اكملت لكم دينكم) (المائدة، ٣)، ((واتە هەواڵی بە پێغەمبەرەکەی موسڵمانان داوە کە باوەڕ و دینەکەی بۆیان تەواوکردووە، هەرگیز پێویستان بە شتێکی تری زیاد لەمە نییە، مەبەست لە ئیسلامە))، (کوڕی کەسیر، ٢٠١٢: ٣٦)

ڕۆماننووس لەسەر زمانی کارەکتەر (دیرۆکزان) باس لە بابەتێکی هەستیار دەکات، کە پەیوەستە بە هاتنی داعش بۆ ناوچەکەیان دەڵێت: ((دیرۆکزان گوتی: .. لە ئاوایی هەردانەوە هاتم ڕۆژ پێشی ترومبێلەک هات، ئاڵای ڕەشی بەسەرەوەبوو، چوار پێنج چەکدار دابەزین، یەکیان بە عەرەبی قسەی بۆکردین گۆتی: ئەم دوژمنێ بابە کوشتەی پێشمەرگەین، هی شیعەین هەقمان بەسەر ئیزیدیانەوە نییە، ئێمە دەزانین زیانی مێروولەشتان نییە،...)). (کاکە،٢٠١٩: ١٧٩ ) ڕۆماننووس دەیەوێت بڵێت کە داعش سەرەتا خۆیان وا نیشانداوە تەنها دوژمنی پێیشمەرگە و شیعەن و هاتوون بۆ لەناو بردنیان، کە هیچ پەیوەندییان بە یەزیدی نییە، ئەو بێدەنگییەی یەزیدییەکان لەسەرتای هاتنی داعش رازیببونە بەو کردارە، کەچی داعش دواتر یەکەم کار کردی لەناو بردنی یەزیدییەکان بوو، ئینجا کچ و ژنەکانیان کردووەتە خزمەتکاری خۆیان.

### 5-2-1 پەیوەندی نێوان فەلسەفەی ئایین بە توخمی شوێن

یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان (شوێن)ە، توخمی شوێن لە ڕۆماندا ڕەنگە (واقعی یان خەیاڵی) بێت، گرنگ هەر ڕووداوێک ڕوویدات، پێویستە شوێنێک هەبێت بۆ ڕوودانی، چونکە شوێن ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە، لە دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی و ڕۆشنبیری و چینایەتییەکان.

پیرۆزی شوێن بەپێی جۆری ئایین دەگۆڕێت، لە ئاینی ئیسلام پیرۆزترین شوێن ماڵی خوایە لە سەر گۆی زەوی (کەعبە لە مەککە) و (مزگەوت)، کەچی لای شیعە مەزهەب پیرۆزترین شوێن (کەربەلا و نەجەف)ە ، کەچی بە لای پەیڕەوکەرێکی ئایینی مەسیحی پیرۆزترین شوێن (کڵێسا) یە، بە بڕوای کەسێکی پەیڕەوکەری ئایینی ئێزیدی پیرۆزترین شوێن (لالش)ە. کەواتە شوێن لە

ڕۆماندا (ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتیەیە، کە پوختەی کارلێکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی لەخۆگرتووە) (النصیر، ١٩٨٦: ١٦)، شوێن بەپێی کات و سەردەم دەگۆڕێت، ڕەنگە چەند سەدەیەکی دیکە ئەو شوێنەی ئێستا تێیدا دەژین گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

باری دەروونی و جۆری بیرکردنەوەی ئاینی دیاریکردنی ئاستی کەسایەتی کارەکتەرەکان لە ڕۆماندا پەیوەستن بە توخمی شوێن، توخمی شوێن هۆکارێکی ناڕاستەوخۆیە لە بەشداری کردن و دیاریکردن و گۆڕینی ئاڕاستەی سروشتی ڕووداوەکان، ((ناکرێت شوێن بە یەکجاری لە ڕەگەزە هونەرییەکانی دیکەی ڕۆمان داببرێت))، (إبراهیم، ٢٠٠٢: ١٠٢)، کەواتە توخم و پێکهاتەکانی ڕۆمان یەکتر تەواو دەکەن، دەکرێت بەهای توخم و ڕەگەزێکی ڕۆمان لاواز بێت، بەڵام ناکرێت داببرێت.

لە ڕۆماندا شوێن چەندین جۆری هەیە، کە گرنگترینییان بریتین لە شوێنی (کراوە و داخراو)، شوێنی (هۆگر و ناهۆگر)، شوێنی (بەرجەستە و واقیعی)،. هەریەک لەم جۆرانەی شوێن جۆری بیرکردنەوەی کەسایەتی لە ڕۆماندا دروستدەکەن، بە هەمان چەشن پیرۆزی شوێن بە پێی پەیڕەوکەرانی ئایینەکە دەگۆڕێت، ناکرێت موسڵمانێک بچێت لە لالش خوداپەرستی بکات، ناکرێت ئێزیدییەک بچێتە مزگەوتێک ڕێسا و یاسای ئایینی ئێزیدی جێبەجێ بکات.

### 6-2-1 پەیوەندی نێوان ئایین بە توخمی شوێن لە ڕۆمانی (شنگال هایێ ل من)ی کەریم کاکە

پەیوەندی نێوان فەلسەفەی ئایین و توخمی شوێن پەیوەندییەکی مێژووییە، تەنها لە ژانری ڕۆماندا نییە، بەڵکو لە هەموو ژانرێکی ئەدەبی یان پەیوەندییەکی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەرەکەی ئەو پەیوەندییە هەیە.

شوێن کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی بە سەر کارەکتەری نێو ڕۆمانەکە هەیە، تەنانەت لە ناونیشانی ڕۆمانەکە تا کۆتایی باس لە (شنگال) دەکرێ کە هەڵگری ئاینی (ئێزیدی)ن، ئەو شوێنەی ڕۆماننووس کردوویەتییە کرۆکی ڕۆمانەکە شوێنێکی واقعی و ناهۆگر و داخراون.

کارەکتەرەکان مێژووی لەناوچوون و قەڵاچۆکردنی پەیڕەوانی ئایینی ئێزیدی دەگێڕنەوە بۆ (٢٠٠٠) ساڵ پێش ئێستا. لەوکاتەدا ئایینی زەردەشتی هۆکارێکی بەهێزبووە بۆ بێ هێزکردنی ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئایینە، دواتر ئاینی مەسیحی، دواتر ئایینی ئیسلام هۆکارێکی سەرەکی بوون لە داڕمانی کلتووری ئایینی ئێزیدی، دواجاریش لە ڕێگەی هاتنی داعش ڕووبەڕووی لەناوچوون بوونەوە.

پەیوەندی فەلسەفەی ئایین بە توخمی شوێنەوە لەم ڕۆمانەدا پەیوەندییەکی تێکئاڵاوە، فەزایەکی پڕ لە پرسیار و تابلۆیەکی پڕ لە گومان دروستدەکات، ڕۆماننووس بە زمانێکی سادە و ساکاری هەولێری دێتە گۆ لە وەسفی سەرەتادا دەڵێت:

((ئەو دەرگایەی ئەسکەندەری گەورە لە چیای شنگالی کردەوە ... ئەو ژنە لە گرتەی ئاسمانێوە، ڕۆیینەکە کتومت تاوسە، بە شنگالدا هەڵدەژنێ، دەکەوێ، قیت دەبێتەوە)). (کاکە، ٢٠١٩: ٥)

کوشتن و لەناوچوون و کەنیزەککردنی ئێزیدی زیاتر پەیوەستە بە دەسەڵاتی دڕندەی (سوڵتانی عوسمانی و دەسەڵاتی داعش)، عوسمانییەکان بەر لە سەد ساڵ چیان بە ئێزیدی کرد، لە ئێستا داعش هەمان کردەی دووبارەکردەوە، ڕۆماننووس دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی، ئەو دیمەنانەمان پیشاندەدات دەڵێت:

((چیای شنگال کەشتیەکی خوێنی لێدەچۆڕێت لەناو دەریای خوێن ڕوو لە ڕۆژ ڕاوەستاوە. (عوسمانی نێر دەکوژێت و مێ دەبات، شەڕ گەرمە ژن و کچ و منداڵی ئێزیدی گەیشتە بازاڕی نەینەوا، گەیشتە بازاڕی بەغدادێ، بەرست گەیشتە وەلاتێ شام و ئەستەنبۆلێ زۆر بازێری عوسمانیا ئێزیدی بە ئاشکرا دەهێنە کڕین و فرۆشتنێ بە بەرچاوی خودا و سوڵتان و شێخ و مەلاوە لە پێش دەرگای مزگەوتان ..... کۆیلەدار جاڕدەدا وەرنەوە کۆیلان وەرنەوە کەنیزان وەرنە ژنێ ئێزیدیان حەڵاڵ حەڵاڵ وەک شیری دایک حەڵاڵ بەپێی فەرمووده و ئایەت)). (کاکە، ١٣١:٢٠١٩)

خراپەکاری دەسەڵاتی عوسمانی و دواتر کردنی هەمان کردار لە سەردەمی داعش ئەوا کارێکی نامرۆڤانەیە و هەوڵێك بوو بۆ ناشرینکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئەم ئایینە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ شکانی کەسییەتی هیچ مرۆڤێک نییە، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ) (سورة الاسراء، ٧٠)، ((خوای گەورە ڕێزی لە نەوەی ئادەم ناوە)). (کوڕی کەسیر: ٢٠١٢، ب١٣: 34) یەکێك لەو دروستکراوانەی کە خوای گەورە خۆی ڕێزی لێناوە و لە فریشتەکان زیاتر ڕێزی پێداون ئادەمیزادە، لای خوا بەرێزترین مرۆڤ ئەو کەسانەن کە زۆر تەقوا دەکەن و یادی خوا دەکەن چونکە خوای گەورە دەفەرموێت : ( إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ) ( الحجرات، 13) واتە (

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باشترین و بەرێزترین کەستان لای خوا ئەو کەسەتانە لە هەموان پارێزکارتر و لە خوداترستر بێت و کاری چاکە بکات..) ( عبدالحمید، 2007، ب3، 1356)، بۆیە ( پێویستە مرۆڤ خۆی بەزل نەزانێ و تەواو خۆی بناسێت چونکە هەستی خۆ بە زل زانین نەفی ئەوە دەکات مرۆڤەکان وەك یەکن ئەمەش ئاکارێکی باش نیە) ( بەرزنجی ، 2019، 129 ).

فەلسەفە لە دروستکردن و هێنانە سەر زەوی مرۆڤ و جن ئەوەیە کە بە چ شێوازێك خوا دەپەرستن و هەروەکو خوای میهرەبان دەفەرموێـت: ( وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ) ( الذاريات, 56) واتە ( من ئادەمیزاد و جنۆکەکانم دروست نەکردووە بۆ ئەوە نەبێت، کە بمپەرستن و بە پێی فەرمانەکانی من ژیانیان ببەنە سەر )( عبدالحمید، 2007، ب3، 1376)

بێ گومان فەلسەفە لە پەرستنی خوا تەنیا بە کردنی نوێژ و رۆژو حەجکردن و واجبی ئاینی نایەتی دی، بەڵکو مەبەست لە پەرستنی خوا رەنگدانەوەی هەموو کارێکی جوان و چاکە کە رەزامەندی مرۆڤایەتی تێدا بێت و لە چوار چێوەی یاسا و دەستووری ئایینی دەرنەچێت کە مەبەست بەدیهێنانی رەزامەندی خوای گەورەیە.

## ئەنجام

- ئایین بەهەموو جۆرو شێوازەکانییەوە لە خزمەتی مرۆڤایەتی دایە، ئەرکی ئایین نیشاندانی ڕێگەی ڕاست و پەرستنی خوایە، کەچی فەلسەفە گەڕانە بە دوای حەقیقەتی پەرستراو، هەربۆیە پەیوەندی نێوان ئایین و فەلسەفە پەیوەندییەکی تێکچڕژاوە، لە هەندێک کاتدا تەواوکەری یەکترن، بە پێچەوانەوە لە هەندێک کاتدا دژی یەکترن.
- مێژووی ئایین کۆنترە لە مێژووی فەلسەفە، بۆیە فەلسەفە بۆ خزمەتکردن و حاڵی بوون و ڕەتکردنەوەی ئایین لە دایکبووە، فەلسەفەی ئایین لە ژانری ئەدەبی مێژوویەکی کۆنتری هەیە، کەچی ئەو مێژووە لە ژانری ڕۆمانی کوردیدا لە نیو سەدە تێپەڕ ناکات.
- نەبوونی شارەزاییەکی تەواوی ڕۆماننووس لە (ژیان و کلتوور و ئایین و زمان و پێگەی کۆمەڵایەتی و...هتد)ی ئێزیدییەکان بە ئاشکرا دیارە، تەنانەت زمانی گۆکردنی کارەکتەرەکان هەمووی بە شێوەزاری کرمانجی خواروو (سۆرانی– هەولێری) نووسراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- مێژووی باڵادەستی ئایینی ئێزیدی لە شنگالدا بە شێوەیەکی داخراوی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ لەناوچوون و لاوازبوونی ئەو ئایینە.
- پەیوەندی فەلسەفەی ئایین بە توخمی کارەکتەری لە رۆمانەکە، زیاتر گرنگیدانە بە بیروباوەڕی ئێزیدی، ڕۆماننووس هەوڵدەدات لە رێگەی نەستی لاوەکی وێنەی خوێناوی رابردوو و ئێستای شنگال ببەستێتەوە بە ئایندەیەکی پڕ گومان، کە هیچ ئومێدێکی تێدا نییە.
- پەیوەندی فەلسەفەی ئایین بە تووخمی کات و شوێن زیاتر پەیوەستە بە رابردووی شنگال و ئایینی ئێزیدی، نەیانتوانیووە جگە لە شنگال بۆ هیچ ناوچەیەکی تر هەنگاو بنێن، بۆیە شوێن لەم رۆمانە واقعییە داخراو و ناهۆگرە.

## سەرچاوەکان

### قورئانی پیرۆز.

1. ئەلوەنی، نەجم (د)(١٩٩٩)، ئایینی ئێزیدی لە نێوان چەند جەمسەری و بڕوای یەکتا پەرستیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
2. ئەڵوەنی، نەجم خالد نەجمەدین، (د)( ٢٠٠٤)، بینای کات لە سێ ڕۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
3. ئەنوەر، کەیوان ئازاد (د) ( ٢٠١٨ )، مێژووی دەرکەوتنی ئایینەکانی ئێزیدی و کاکەیی، چ1، چاپخانەی تاران ، بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژاری موکریانی.
4. بەرزنجی، عەبدولرەحمان بێلاف، ( 2019)، چەند بابەتێکی زانستی تەسەوف، قێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
5. جەمال، نەوزاد (٢٠١٦)، فەلسەفەی ئاین، چ1، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان، سلێمانی.
6. دیمەشقی، عیمادولدین ئەبولفیدا ئیسماعیلی کوڕی کەسیری( ٢٠١٢)، راڤەی قورئانی پیرۆز، چ١، خانەی نۆبیلیس.
7. راسل، بێرتراند( ٢٠١٨)، عیرفان و لۆجیک، گوڵبژێرێک لە وتارەکانی، کۆکردنەوەو وەرگێرانی دانا محمد موحەمەد، لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

8. سابیر، پەرێز(2001)، بنیادی هونەری چیرۆکی کوردی (لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی) لە بڵاوکراوەکانی دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
9. سدیق، فواد، (٢٠١٥)، فەلسەفە، پێش فەلسەفە تا مردنی نیچە، چاپی یەکەم.
10. عامری، دکتۆر سامی ( 2020 )، بەڵگەکانی بوونی خودا، وەرگێڕانی مەودوود جەبار، ناوەندی رەوێن، چ1. سلێمانی
11. عبدالحمید، نظام الدین( 2007)، تەفسیری گوڵشەن، بەرگی ( یەکەم و سێیەم)، چ 2، نەشری ئێحسان، تهران.
12. عزیز، حمید ( 1979)، سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپخانەی سلێمانی.
13. کاکە، کەریم (٢٠١٩)، رۆمانی شنگال، هایێ ل من، هەولێر.
14. کمال، محمد(د) ( ٢٠١٩)، مارکس وەکو فەیلەسووف، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

**نامەی ئەکادیمی**

15. حەسەن، یاسین رشید(٢٠٠٤)، ناوەڕۆک و تەکنیکی درامای کوردی (١٩٩١ – ٢٠٠٢)، نامەی ماجستر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، سلێمانی.
16. پیرداود، شوان غازی (٢٠١٥)، تەکنیکی مۆنتاژ لە ڕۆمانی کوردیدا بە نموونەی ڕۆمانەکانی (کاروان عوومەر کاکە سوور)، نامەی ماستەر ،زانکۆی سەلاحەدین ، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، هەولێر

**توێژینەوە**

17. حەوێز و کەریم، دەریا جەمال، شاخەوان باوەدین، (٢٠٢٢)، پەندی پێشینانی کوردی لە ئاوێنەی فەلسەفەی ئایینداا ئایینی ئیسلام بە نموونە، کۆنفرانسی زانکۆی زاخۆ.

**بە زمانی عەرەبی:**

18. -ابراهیم، علی (د) ( بدون تاریخ) الزمان و المکان فی روایات غائب طعمه فرمان (دراسة نظریة تطبیقیة)، ط1، الاهالی للطباعة و النشر و التوزیع، دمشق.
19. السید، علاء عبدالعزیز (2008)، الفیلم بین اللغة و النص، المؤسسة العامه للسینما، دمشق.
20. امین، عثمان (د) (1970)، دیکارت مبادىء الفلسفة، دارالثقافة للطباعة و النشر للثقافة، القاهرة.

21. النصير، ياسين(1986) الرواية والمكان، وزارة الثقافة والاعلام، دار الحرية للطباعة، بغداد.
22. اويزرمان، تيودور (1983)، تطور فكر الفلسفي، ت. سمير كرم ، ط3 ، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت.
23. بحراوي، حسن ( 1990) بنية الشكل الروائي، المركز الثقافي العربي شروع نشر مشترک بيروت، دار البيضاء. لبنان.
24. بوديوس، رجب،( 1425 )هـ ، تبسيط الفلسفة، ط 1، الدار الجماهيرية للنشر و التوزيع و الاعلان، بنغازي، ليبيا.
25. الخويليدى، زهير (2007)، خصوصية علاقة الفلسفة بالدين عند هيجل، مؤسسة مؤمنون، بيروت
26. شيا، محمد شقيق (2009)، في اللادب الفلسفي، ط1 ، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع، بيروت، لبنان.
27. عزام، محمد (2003)، التحليل الخطاب الأدبي على ضوء المناهج النقدية الحداثية، من منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق.
28. ولي و محمد ( 2004)،د. باسم محمد ، ا.د. جاسم محمد، المدخل الى علم النفس الاجتماعي، دار الثقافة للنشر و التوزيع، الطبعة الاولى، عمان.
29. كولبة، ازفلد (1955)، المدخل الى الفلسفة، ترجمة ابو العلا عفيفي، ط 3، مطبعة الجنة التاليف و الترجمة و النشر، القاهرة.
30. مغنيه، العلامة الشيخ محمد جواد،( 2007)، مذاهب و مصطلحات فلسفية، ط1، مؤسسة دار الكتب الاسلامي، مطبعة ستار.
31. ميد، هنتر ( 1969)، الفلسفة أنواعها و مشكلاتها، ت: الدكتور فواد زكريا، دار نهضة، قاهرة .
32. ميسلان، ميشال( 2009)، علم الاديان، ت. د. عزالدين عناية، المركز الثقافي العربي كلمة، الطبعة الأولى، بيروت
33. وتر، انجزام باى (١٩٩٩)، (الكتاب ارسطو فن الشعر)، ترجمة و تعليق، د. ابراهيم حمادة، هلا للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى.
34. وورد، ديفيد(1999), الوجود والزمان والسرد (فلسفة ثول ريكور)، ت: سعيد الغانمى، المركز الثقافى العربى، الطبعة الاولى، بيروت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**الاطروحات:**

**35.** انجلس، ماركس (١٩٨٦)، مختارات في اربعة اجزا، الاطروحة (11) من الاطروحات عن فورباغ، ج 1 ، دار التقدم – موسكو.

---------------------------------------------------------------------------------------------------

# Philosophy of Religion in the novel " Shngal " haye l mn, by Karim Kaka

**M. A. Shwan Ghazi Perdawd**
Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
Email: shwansherwani8@gmail.com

**Prof. Dr. Darya Jamal Hawez**
Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
Email: darya.jamal@koyauniversity.org

***Keywords: Philosophy****, Philosophy of Religion, time, place, character, Types of religion, Yazidi religion*

## Abstract

Religion and philosophy are two historical topics in life, and there is a strong debate between them to reach the truth, which are two sources of events in the lives of beings (man), and part of these events the person makes a long story in his imagination and memory; To express it and conceal it. The novel is considered the most powerful type of literature that is able to establish a strong relationship between (religion, philosophy, and literature). The oldest novel written in the Kurdish language is less than 100 years old .In this novel, there is a reflection of a religious philosophical principle in the Kurdish novel, which opens the doors to a group of unsaid questions, so that man may be under these religious principles and believe in (God, the angels, the heavenly books, the messengers, the Day of Resurrection, and destiny and destiny). The belief is not like this in the Yazidi religion. In this study we try to present these models, which reflect the principles related to the elements (time, place, character) embodied

in the novel, according to the belief of (the Black Book, Malik Taus, Lalish Temple). The title of the study was (Philosophy of Religion in the novel " Shngal " haye l mn by Karim Kaka), and the study is related to (the concept, definition, and the difference between philosophy and religion) in terms of history, wealth, claims, and what comes after it. The study deals with the layered relationship of the philosophy of religion with the concept of (time, place, personality (

The narrator talks about the issue of the Yazidi people, their religion and their disciples, in the form of a historical issue in a sequential and broken way, past, present and future.

It presents the reasons that led to the weakness and disappearance of this closed religion through dialogue between the characters and the recipient develops an experience about this religion.

# فسلفه الدين في رواية (شنگال" هايێ ل من) ل كريم كاكه )

**الملخص:**

الدين والفلسفة موضوعان تاريخيان في الحياة، وبينهما جدل قوي للتوصل الى الحقيقة والتي تعد مصدران من مصادر أحداث حياة الكائنات (الإنسان )، وجزء من هذه الأحداث يجعله الإنسان قصة طويلة في مخيلته وذاكرت؛ ليعبر عنه فيكتمه. والرواية تعد أقوى أنواع الأدب والتي يتمكن من إقامة علاقة متينة بين (الدين والفلسفة والأدب). أقدم رواية كتبت باللغة الكوردية لا تتجاوز 100 عام.

ويوجد في هذه الرواية انعكاس مبدأ الفلسفي ديني في الرواية الكوردية، والتي تفتح الأبواب بوجه حزمة من التساؤلات التي لم تُقال، ليكون الإنسان تحت هذه المباديء الدينية فيؤمن بـ(الله والملائكة والكتب السماوية والرسل ويوم القيامة والقضاء والقدر). ليس الاعتقاد بهذا الشكل في الديانة اليزيدية، في هذه الدراسة نحاول عرض هذه النماذج، التي تعكس مبادئ المتعلقة عناصر ( الوقت، المكان، الشخصية) المتجسدة في الرواية، حسب إعتقاد ( الكتاب الاسود، المليك طاوس، معبد لالش)، جاءت عنوان الدراسة ( فسلفه الدين فى روايه (شنگال" هايێ ل من) ل كريم كاكه )، والدراسة متعلقة ب ( المفهوم و والتعريف و الفرق بين الفلسفة والدين) من حيث التاريخ والثروة والادعان وما بعدها تناولة الدراسة يشكل طبقي علاقة فلسفة دين بـمفهوم ( الوقت ، المكان ، الشخصية ) .

الراوى يتحدث عن قضية الشعب اليزيدي ودينية ومريدهعلى شاكلة قضية تاريخية بشكل متسلسل متكسر ماضية وحاضرها و متسقبلها.

ويعرض الاسباب التي ادت الى ضعف وتلاشي هذه الديانه المغلقة علي نفسها عن طريق الحوار بين الشخصيات والمتلقي يتكون لديه خبرة عن هذه الديانة